# دەستکەوتەکانی ئێستامان لەنێوان راپەڕین و کۆڕەودا

ئێمەی کوردستانی هەمیشە شۆڕش و راپەڕین و سەرکەوتنەکانمان گەورە دەکەینەوە، ئاوڕ لە شکست و نەهامەتیەکان نادەینەوە، تۆژینەوە و لێکدانەوەی زانستیان بۆ ناکەین و بە دوای هۆکارەکانی شکست و دارمانیان ناگەڕێین، هەر بۆیەش کە باسی شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفیدزادە دەکەین، ئاماژە بە مەلیک بوونی دەکەین و باسی شکان و تێچونی ناکەین، کە باسی پێشەوا قازی محەمەد دەکەین، ئاماژە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان و کارەکانی ئەو کۆمارە دەکەین و چاومان لەئاست تێکشان و روخانی کۆمارەکە دادەخەین، ئەمەو دەیان نموونەی زیندووی دیکە هەن کە لە بەراوردکردنیان دا هەمان ئاکام ئەزموون دووپات دەکەنەوە.

ئێستا کە باسی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان دەکەین، وەک دەستکەوتی راپەڕین دەیانناسێنین، رۆڵی راپەڕین گەورە دەکەینەوە و چاو لە کۆڕە دەپۆشین، لە کاتێکدا تەواوی ئەوانەی کە بەدەست هاتوون بەرهەمی ئەو کۆڕەوەیە کە ویژدانی جیهانیانی جوڵاندو سۆزو بەزەیی ئەوانی بەلای خۆیەوە راکێشاو ناوچەی دژی فڕینی پێ مسۆگەرکرد.

راپەڕین شیان و خواستی کوردستانیانی بە داگیرکەران پێشاندا، تێیگەیاندن کە لە پێناو رزگاری و سەربەخۆیی ئامادەن گیانبازی بکەن، بەوهۆیەوە راپەڕین خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێکی کەم وێنە بوو، بەوهۆیەشەوە لەدیرۆکی نەتەوەکەماندا نەخشاوە، بەڵام چونکە هێزی داگیرکار بەهێزتر بوو، پاشەکشەی پێکرد و بەرەو دواوەی گەڕاندەوە. لە وێستگەیەکی ناکام و دڵتەزێندا کۆتایی پێهات.

ئەگەر بڵێین راپەڕینی جەماوەری گەلی باشووری کوردستان لە 4-3-1991 دەستی پێکرد و تا 22-3-1991 روو لە سەرکەوتن بوو، دەبێ بشگوترێ کە لە 27ی هەمان مانگ رووی لە دابەزین و شکان کرد، شارە گەورەکانی وەک کەرکوک، هەولێر، دهۆک و سلێمانی داگیرکرانەوە، بەوهۆیەشەوە راپەڕین کۆتابوو، خۆی دەباوەشی مێژوو دا هاویشت.

ئەگەر دەستکەوتەکانی ئێستامان بەرهەمی راپەڕینی مانگی ئازاری 1991بووبان، پێویستی بەوە نەدەکرد کە نەتەوەی کورد بە گەورەو بچووکەوە لە مانگی نیسانی 1991 سەری خۆی بۆ ئاوارەیی هەڵبگرێ و لە ئۆردوگاکانی پەنابەران لە ئێران و تورکیادا بگیرسێتەوە!! دیمەنە سامناکەکانی کۆچی کوردان و پەنابەرانیش بوونیان نەدەبوو، لاپەڕەکانی بڵاوکراوەکانی جیهانیان داگیر نەدەکرد!

یادکردنەوەی راپەڕین و رێزگرتن لە شەهیدەکانی ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیە، بەڵام نابێ پێ لە درەختی پڕبەرهەمی کۆڕەو بنێین، ئێمە هەژدە ساڵە واراهاتووین کە یادی ئەو راپەڕینە بکەینەوە، بەڵام هەرگیز باسی ئەو کۆڕەوە ناکەین کە ملیۆنان مرۆڤی کوردستانی لەخۆ گرت و نەتەوەی کوردی بە جیهان ناساند، هەر ئەو ناسینەش بوو کە ناوچەی دژە فڕێنی بەرهەم هێنا.

ئێمەی کوردستانی کە ساڵیادی راپەڕین دەکەینەوەو رێز لە شەهیدانی دەگیرن، دەبێ ساڵیادی



کۆڕەویش بکەینەوەو رێز لەو کوردستانیانە بگرین کە بەرگەی سەرماو برسێتی و ئاوارەیی و رۆیشتنیان گرت، بەتایبەتیش ئەوانەی کە لەو کۆڕەوەدا گیانی خۆیان گۆری گەل و نیشتمانەکەیان کرد و وەک سەربازی ون گیانی خۆیان پێشکەش بە نەتەوەکەیان کرد.

رق و قینی کوردستانیان راپەڕینی هێنا ئاراوە، شەپۆلی راپەڕینیش توانی دیواری داگیرکار و ستەمکاران بڕوخێنێ و 23 رۆژ لەسەر پێ رابوەستێ، بەڵام شەپۆلی کۆڕەو دیواری ویژدانی جیهان و بەرپرسانی وڵاتانی بڕیاربەدەستی راچڵەکاند، هەر کۆڕەویش بوو کە لەرۆژی 5-4-1991 توانی بڕیاری 688 ی بەرهەم بهێنێ. ئەگەر بە پێداگری فەرەنسا و خودی فرانسوا میتران، سەرۆکی کۆچکردووی ئەو وڵاتەوە، بڕیاری 688 درابێ، بەڵام لەژێر گوشاری خرۆشانی شەپۆلەکانی کۆڕەودا ئەو بڕیارە کەوتە واری کردەییەوە، لەژێر کاریگەری کۆڕەویشدا بوو کە وڵاتانی جیهان رژێمی سەدامیان ناچارکرد کە لە شارەکانی وەک هەولێر، دهۆک و سلێمانی دا بکشێتەوە.

راپەڕین توانی سوپای داگیرکار لە بەشێکی باشووری کوردستان وەدەرنێ، بەڵام ئەو چەپۆکەی هاوپەیمانی شل کردەوە کە بۆسەر رژێمی سەدام بەرزکرابۆوە، کەچی کۆڕەو توانی هێزەی هاوپەیمانان بەرەو خاکی کوردستان رابکێشێ. ئەگەر راپەڕین لە باشووری کوردستان گڕو ئاگر بووبێ و لەسەر پشتی سەربازانی بەعس کرابێتەوە، کەچی ئاوی بەسەر گەردەلوولی بیابان داباراند، هەناسەی بۆ سەدام و رژێمەکەی گێڕایەوە، وڵاتانی عەرەبی هاوسۆزیان لەگەڵ رژێم نواندو لە ئەمریکایان خواست کە کورسی دەستەڵات لە سەدام نەسێنێتەوە، کەچی کۆڕەو قورقوشمی لە گەرووی چەکەکانی سوپای بەعس کرد، هەموومان لەبیرمانە کە سەربازانی هاوپەیمانان کە لە دەڤەری بادینان جێگیر ببوون، قورقوشمیان لە لوولەی چەکەکان دەکرد و خامۆشیان دەکردن. ئەگەر دانوستاندنی بەرەی کوردستانی لەگەڵ رژێمی سەدام نەبوایە، ئەو سەربازە قورقوشم رژێنانە دەهاتنە پارێزگای هەولێرو سلێمانی، بەڵام دانوستاندن قورقوراگەی کۆڕەوی گرت و نەیهێشت چیتر قورقوشم لە گەرووی چەکی بەعس بکات.

لە راپەڕیندا سەرکەوتن و شکان بە دوای یەکدیدا تێپەڕبوون، بەڵام لە کۆڕەو دا شکان و سەرکەوتن بەدوای یەکدیدا هاتن، راپەڕین موڵکی جەماوەرو بە هاوکاری و هاوپشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، بەڵام کۆڕەو موڵکی جەماوەرو خاڵیبوونەوەی چەکداری بوو، بەوهۆیەشەوە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە راستویژانەو لۆژیکیانە رەفتار لەگەڵ راپەڕین و کۆڕەودا بکەین، پێویستە باس لە راپەڕین و شۆرشەکان، سەرکەوتن و شکستەکانماندا بکەین، چونکە هەر نەتەوەیەک ئەگەر مێژوویی راستینی خۆی نەزانێ و چەواشەی بکات، داهاتوویێکی لێڵ و پڕگرفتی وەگیر دەکەوێ، لە پێناو داهاتوویێکی گەش و پرشنگدار، پێویستە کە مێژووی کۆڕەو دەستکەوت و ئاکامەکانی وەکو خۆیان بنووسرێنەوە.

من دەستکەوتەکانی ئێستامان بە بەرهەمی کۆڕەو دەزانم، بە واتایێکی دیکە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و جەماورەی کوردستانن.


**رێکار ئەحمەد**

rekarahmed@hotmail.com

www.rekar.org


# میر بەدرخان و بیری سەربەخۆیی

هەندێک لە نووسەرە کوردەکان رەچەڵەکی میر بەدرخان دەبەنەوە سەر بنەماڵەی بەدرخانی کە لە گوندی ئازیزانی سەر بە شاری جەزیرەی ئیبن عومەر ژیاون.

میر بەدرخان هەر لەسەرەتای لاوییەوە زیرەک و کارامە بووە، لە ساڵی 1820 کە ئەو کاتە تەمەنی 18 ساڵ بووە، دەستەڵاتی میرنشینی جەزیرەی بۆتانی گرتۆتە دەست، ئەم میرە جلوبەرگی تایبەتی لەبەرکردوە و مێزەرێکی سووری ئاوریشمی لەسەر کردوە، قەراخی پانتۆڵی ئاوریشمی سورو رەش بووە، کاڵەی شەمانە بەندی یان سۆلێکی نوک هەڵگەڕاوەی لەپێ کردوە. میر بەهۆی ئەو هۆکارانەی کە تایبەتە بە کەسایەتی خۆی، کاسەیەتیەکی سەرنج راکێش و دیاری هەبووە، هاوکات سوودی لە گۆڕانکاریە سیاسیەکانی ئەو سەردەمەدا وەرگرتوە، توانیویەتی رووداوەکان بە ئاراستەیەک بەرێت کە بەرژەوەندی هەموو میللەتی کوردی تیابێت.

بۆ ئەو مەبەستەش بانگەشەی هەموو میرە کوردەکانی کردوەو پەیمانی رزگارکردنی کوردستانی لەگەڵدا بەستون. لە دوای ماوەیەک لە هەوڵ و تەقەڵاو تێکۆشان توانی کارگەی چەک و باروت دروست کردن لە شاری جەزیرە دابمەزرێنێ، هەربەوەش نەوەستا دوای ماوەیەک سکەشی لێدا. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان، بزووتنەوەی شۆڕشگێری میر بەدرخان (1842) بەربەرەکانی توندوتیژی دژی عوسمانیەکان بەرپاکرد و توانی هۆزەکانی کوردی ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی لە دەوڵەتێکی کوردیدا کۆ بکاتەوە. لەو ساڵەدا توانی هەموو مەڵبەندی نێوان گۆلی وان و گۆلی ورمێ لە باکورەوە هەتا رۆژهەڵات و موسڵ و رەواندوز لە باشووری کوردستان تاکو شاری سنە لەمیر نشینێکی کوردی ترەوە لە رۆژئاوا تاکو شاری دیاربەکر بکاتە یەک پارچەو فەرمانڕەوایی تێدا بکات.

میر بەدرخان سوور بوو لەسەر گرنگیدان بە هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی گشتی لەچوارچێوەی دەوڵەتەکەی و کارکردن لە پێناوی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی گەیشتن بەو مەبەستە، بۆئەوەی بتوانێت تاڕادەیەک یەکسانی کۆمەڵایەتی کەسنووری دەستەڵاتەکەی خۆی مسۆگەر بکات، بۆ ئەمەش میر زەوی و زاری بەسەر جووتیارە هەژارەکان دابەش کرد، لەلایەکی ترەوە چەندین جۆر باج و سەرانەی لەسەر لابردن کە کاتی خۆی میری عوسمانی بەسەریاندا سەپاندبووی.

گومان لەوەدانیە کە میر بەدرخان بەگەورەترین کەسایەتی مێژوویی کورد دادەنرێ، چونکە زۆر گرنگی بە پێشکەوتن و جێگیر بوونی ئارامی داوە، ئاسایش لە وڵاتەکەیدا بەتەواوی بەرقەراربووە، خەڵکانی دیکە باسیان لێوە کردوە، نوسەری بەریتانی رایت دەڵێ: 'بۆ چەند میلێک گەشتمان کرد بۆ کوردستان، هیچ شتێکمان تێبینی نەکرد جگە لە ئاسایش و جێگیر بوونی ئارامی و پێشکەوتن نەبێت. هەندێک جار کە لەدەرەوە دەنوستین بێ ئەوە ترسمان هەبێ لە دزو پیاوکوژ کە پێشتر گوێمان لەناویان بوبو کە دەگوترا کەناوخۆی هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەوکارە دزێوانە دەکران'

مستەر رایت درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ: 'ئەو کەسەی تاونێک ئەنجام بدات، ناتوانێت لەو سزایە خۆی رزگار بدات کە بەسەریدا دەدرێ'

لەسایەی میر بەدرخان، کوردستان لەو گەندەڵی و دواکەوتوویە رزگاری بوو کە تێی کەوتبو، هەمان راستی لەلایەن گەشتیارێکی رووسی دووپات کراوەتەوە کە کاتی خۆی سەردانی میرنشینی بۆتانی کردوە، گەشتیارەکە ناوی (ج. دیتللو) بووە، دەڵێت: 'منالێک ئەگەر دەستی پڕ لە زێر بێت بەنوێژی نیوەڕۆ دەتوانێت بەهەموو وڵاتی بەدرخاندا بڕوات و نەترسێت'

بەمجۆرە ژمارەیەکی زۆر لە میر و سەرۆک هۆزەکانی تری کورد لە دەوری میر بەدرخان کۆبونەتەوە، وەک میری ئەردەڵان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئیسماعیل پاشا لە دیاربەکر، میرنورولڵا لە هەکاری و میر مەحمودی مەکس. کەئەمەش مانایەکی نەتەوەیی دەدا بە دەستەڵاتداریێتی میرنشینەکەی.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ لەناوبردنی میرنشینی بۆتان هێزێکی گەورەی بە سەرکردایەتی سەدر ئەلئەعزەم ناردە سەریان، لە دوای چەندین هێرش و پەلامار توانیان دەست بەسەر میرنشینەکانی بادینان، سۆران و بابان دابگرن، بەڵام ئەوەی مابووەوە هەر تەنیا میرنشینی بۆتان بوو کە زیاتر رەچاوی ئەوەی لێدەکرا بتوانێ بەرپەرچی هێرشەکانی عوسمانی بداتەوەو میرنشینێکی سەربەخۆی کوردی بپارێزێ و گەورەتری بکات.

دوای هێرشەکانی عوسمانی و شکانی میرنشینەکانی تر، ژمارەیەکی زۆری کوردەکانی بەشەکانی تر روویان لە میر بەدرخان کرد و داوایان لێکرد کە سەرکردایەتیان بکات، ئەویش کاری بۆ ئەوە دەکرد کە میرنشینەکەی بەرەنگاری عوسمانیەکان ببێتەوە.

خۆ ئامادەکردن بۆ بەرپەرچ دانەوەی هێرشی دوژمن پێویستی بە بنەمایەکی لۆجستیکی دەکرد کە ئەویش میر بەدرخان هەر لە زووەوە کاری بۆ کردبو، ئەوەتا چەندین کارگەی چەک و تەقەمەنی دروست کردن دامەزرابوون، لە رووی زانستی شەڕەوە چەندین خوێندکاری ناردبوە دەرەوەی وڵات.

عوسمانیەکان هەمیشە ئامادەبوون بۆ سەرکوتکردنی هەر کوردێک کە بیری لە ئازادی بکردبایەوە، ئەگەرچی بەر لە ساڵی 1847 عوسمانیەکان توانیان زاڵ بن بەسەر میرنشینی سۆران کە پاشای گەورە فەرمانڕەوایەتی دەکرد، میر نشینی بابانیش لاواز بووبوو، بۆیە ئەم خاڵە وای کرد کە دەوڵەتی عوسمانی تەواوی هێزو تفاقی خۆی ئاراستەی میرنشینی بۆتان بکات، ئەوەبوو لە بەهاری ساڵی 1847 هێزێکی گەورەی عوسمانی مەشق پێکراو و پڕچەک بەسەرکردایەتی عوسمان پاشا کە فەرماندەیی هێزەکانی ئەنادۆڵی دەکرد لەسێ لاوە هێرشیان کردە سەر لەشکری کوردستان، لەبەرانبەر ئەو هێزەدا، ئەگەرچی میر بەرخان پێشتر خۆی بۆ سازدابوو، بەڵام کار نەگەیشتبوە ئەو رادەیەی کە هێزێکی سەربازی نیزامی دروست بکات، بەڵکو هێزەکەی هەر لەلایەن کەسانی ئاغا و دەرەبەگەکانەوە سەرکردایەتی دەکرا، هەروەک چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا لەشکرێکی یەکگرتووی نیزامی بەو شێوەیە نیە، بەڵکو ئەو هێزەی هەیانە هی دوو حیزبە باڵادەستەکەیە و لە شێوەی میلیشیا دروست کراون.

ئەگەرچی میر بەدرخان توانی لە شاری ورمێ زیانێکی زۆر لە لەشکری عوسمانی بدات، بەڵام وەک هەموو جارێک کە رووی داوە، ئەوەندەی نەبرد برازایەکی خۆی بە ناوی میر یەزدانشێر کە سەرلەشکری هێزەکەی بوو، ناپاکی کرد، بۆیە میر بەدرخان بەناچاری بەخۆی و هێزەکەیەوە روویان لە شاری جەزیرە کرد. وادیارە لەوێش خۆی نەگرتووەو رووی لە قەڵای ئاروخ کردوە، لەو قەڵایەدا ماوەی چەند مانگێک بەرەنگاری هێزی عوسمانی کردووە، بەڵام لەبەر برانی تەقەمەنی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەناو هێزەکەیدا ناچار خۆیان رادەستی عوسمانیەکان کردووە. دوای خۆ بەدەستەوەدانیان، عوسمانیەکان میر بەدرخانیان بۆ قوبرس دوور خراوەتەوە، لەساڵی 1866 دەوڵەتی عوسمانی رێگەی پێداوە لە دیمەشق نیشتەجێ ببێت، لەساڵی 1870 کۆچی دوایی کردوەو لە گۆڕستانی ئەلسالیە لەنزیک دیمەشق بەخاک سپێردراوە.

یەکێک لە مێژوونووسانی ئەوروپی، سەبارەت بەوە دەنووسێ: 'ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی رووخانی دەستەڵاتی میر بەدرخان دوو هۆکارن: یەکەمیان چارەسەرنەکردنی کێشەی نەستووریەکان و ناکام هێشتنەوەی ئەو کێشەیە.

دووەمیان: کێشەی نەوت کە کۆسپێکی هەرە گەورەبوو بۆیان.

هەر سەبارەت بە میر بەدرخان، دەڵێت :'میر بەدرخان یەکەمین پیاوبووە کە توانیویەتی بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی گەلی کورد بخاتەوە بەرچاوو گەشەی پێبدات'


**نووسینی:**

**ئەزوەر ساڵح عەبدولرەحمان**


بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


1- ئەرشیفی رۆشنبیری شەهید حەیدەر ساڵح بابان
2- کتێبی کوردو ئاشووری
3- کتێبی سەد پرسیارو وەلام